
# ”ژنێکی کڵۆڵ“ کرایە کوردی




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

دواهەمین کتێبی نووسەری ناوداری ئەمریکی ریچارد براتیگان بەناوی“ ژنێکی کڵۆڵ“ لەلایەن نووسەر و وەرگێڕی کورد هەرمان وەتمانی کرایە کوردی و بەمنزیکانە لەلایەن ناوەندی چاپەمەنیی گوتار بڵاودەکرێتەوە.

هەرمان وەتمانی بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی گوت: ” ژنێکی کڵۆڵ“ دوایین کتێبی نووسەری ئەمریکی ریچارد براتیگانە کە دوو سال بەر لەوەی کۆچی دوایی بکات، لە مەزرایەکەیدا تەواوی کرد، بەڵام بڵاوی نەکردەوە، شازدە ساڵ لە دوای مەرگی، کچ و میراتگرەکەی لە نیویۆرک ئەو کتێبەیان بە ناوەندێکی بڵاوکردنەوە سپارد و ساڵی 2000 وەکو دوایین بەرهەمی براتیگان ناسێنرا“.

وەرگێڕی کتێبەکە دەڵێ: ” کتێبی (ژنێکی کڵۆڵ) سەفەرنامەیەکی داستانییە و بەگشتی لەم بەرهەمەدا نیشانەی مەرگخوازیی نووسەر و ململانێی ئەو لەگەڵ مەرگ بەرچاو دەکەوێ .ریچارد براتیگان لە بەشێکی ئەو کتێبەدا ئاماژە بە خاڵێکی زۆر گرنگ دەکات، ئەویش ئەوەیە کە (ژنێکی کڵۆڵ)ی لەسەر بنەمای ئەزموونەکانی ژیانی رۆژانەی نووسیوە. هەر بۆیە ئەم کتێبە نە تەنیا بەرهەمێکی داستانی سەرنجڕاکێشە، بەڵکو وەک بەرهەمەکانی دیکەی براتیگان، خوێنەر یەک پشوو و بە چێژەوە دەیخوێنێتەوە و لە کایەکانی نووسەر و توانایی ئەو لەو جەفەنگ پێکردنەدا سەری سوڕدەمێنێ، هەروەها دۆکیۆمێنتێکی داستانیشە لە ئەندیشەکانی نووسەرێکی سەرەمەرگ و ماندوو و بێزار لە کۆمەڵگای ئەمریکا“.

لەبارەی کتێبەکە و بڵاوبوونەوەی، هەرمان وەتمانی گوتی: ”ئەو کتێبە لەخۆگری چەندین داستانە کە هەرکامیان بە تەنیا و سەربەخۆ دەکرێ وەک چیرۆکێکی کورت لێی بڕوانرێ، لە هەمان کاتیشدا کۆی گشتی کتێبەکە یەک باسە و دەتوانین بڵێین رۆمانێکە وەک سەفەرنامە، بەڵام بە شێوازێکی داستاننووسی کە براتیگان تێیدا زۆر شارەزایە“.

نووسەر و وەرگێڕی کورد هەرمان وەتمانی ساڵی 1985 لە مەهاباد لەدایک بووە، کۆمەڵە شیعرێکی کوردی، کۆمەڵە شیعرێکی فارسی، وەرگێڕانی هایکۆکانی سانتوکاتاندا و فەرهەنگێکی کوردی چاپ و بڵاوکردوونەتەوە.

# ڕۆمانەکەی بەختیار عەلی پێش بڵاوبوونەوەی دەکرێتە فارسی

■ ئا: بژار حەکیم



بەختیار عەلی، نووسەر و رۆماننووسی دیاری کورد رۆمانێکی نوێ بەناوی ”دەریاس و لاشەکان“ بڵاودەکاتەوە و بەر لە بڵاوبوونەوەی ئەم رۆمانە بە کوردی، لەلایەن وەرگێڕ مەریوان هەڵەبجەییەوە دەکرێتە فارسی.

نووسەر و وەرگێڕ مەریوان هەڵەبجەیی بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: ” رۆمانە نوێیەکە بڕیارە لە ساڵی داهاتوودا بڵاوببێتەوە، لەگەڵ بەختیار عەلی رێککەوتین لەسەر ئەوەی کە پێش بڵاوبوونەوەی رۆمانەکە بە کوردی، وەربگێڕدرێتە سەر زمانی فارسی و منیش وەرگێڕانەکەم کردووە“.

لەبارەی وەرگێڕان و چاپکردنی رۆمانەکە بە فارسی، مەریوان هەڵەبجەیی گوتیشی: ” کاری وەرگێڕانی رۆمانەکە بەردەوامە و لە ئێران داوای مۆڵەتی چاپکردنی بۆ کراوە و ئەگەر لە بەشی چاودێری و سانسۆر دەربچێت، بەزوویی لەلایەن دەزگای چەشمە چاپ و بڵاودەبێتەوە. پلانەکە بەشێوەیەک دانراوە کە رۆمانەکە بە زمانی فارسی پێش کوردییەکە یان بەیەکەوە بڵاوببنەوە“.

بەختیار عەلی لەبارەی نێوەڕۆکی گێڕانەوەی رۆمانە نوێیەکەی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە رۆمانی ”دەریاس و لاشەکان“ چیرۆکی شارێکە بەگەرمی لە سەروەختی سەرهەڵدانی شۆڕشدا دەژی، شارێکە هیوا و ئەفسانە دەیبات بەڕێوە. چیرۆکێکە دەشێت لە هەموو شوێنێک و لە هەموو کاتێکیشدا رووبدات.

دەریاس و لاشەکان“ دەیەمین رۆمانی بەختیار عەلییە و پێشتریش هەر دوو رۆمانی ” دواهەمین هەناری دونیا ” و ” شاری مۆسیقارە سپییەکان“ی کراون بە ئەڵمانی و خەڵاتی ”نیلی زاکس“ ـی پێدراوە.

60 ساڵە بەهۆی سەرنجڕاکێشی بۆ منداڵان چاپ دەکرێتەوە

# هارۆڵد و قەڵەمڕەنگە مۆرەکە بە کوردی بڵاودەبێتەوە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

شەشەمین کتێبی ناوەندی هەرمان بۆ وەرگێڕان بەناوی " هارۆڵد و قەڵەمڕەنگە مۆرەکەی" کە کتێبێکە بۆ منداڵان و لەلایەن کرۆکێت جۆنسن نووسراوە و وەرگێڕ هەژار عوسمان کردوویەتی بە کوردی، بەمنزیکانە بڵاودەبێتەوە.

نێوەڕۆکی کتێبی هارۆڵد باسی کوڕێکی بچکۆلانەی کونجکۆڵی چوار ساڵانە دەکات لەگەڵ قەڵەمڕەنگە مۆرەکەی، ئەو توانایەی هەیە جیهانێک بە دڵ و کەیفی خۆی دروست بکات و وێنەی بکێشێ.

گۆڤاری تایم ئەم کتێبەی بە یەکێک لە باشترین سەد کتێبی منداڵان لە مێژوودا ئەژمار کردووە و هاوکات شەست ساڵە بەهۆی ناوەڕۆکە سەرنجڕاکێش و خەیاڵ ورووژێنەرەکەی، بۆ منداڵان چاپ دەکرێتەوە.

ئەم کتێبە لەگەڵ چەند کتێبێکی دیکە لەلایەن ناوەندی هەرمان لە داهاتوویەکی نزیکدا بڵاودەکرێتەوە. هەرمان ناوەندێکی وەرگێڕانە و یەکێک لە پرۆژەکانی وەرگێڕانی کتێبە. لە وەرگێڕانی کتێبیشدا گرنگییەکی زۆر بە پەروەردە و ئەدەبیات بۆ منداڵان دەدات.



## لە پێنج ساڵی ڕابرووردا 4000 کتێبی قەدەغە کردووە

# ڕۆمانێکی دۆستۆیڤیسکی لە کوێت قەدەغە کرا

■ ئا: بژار حەکیم

وەزارەتی راگەیاندنی کوێت قەدەغەی خستە سەر رۆمانی ”برایانی کارامازۆف“ـی رۆماننووسی ناوداری رووسیا و جیهان ڤیۆدۆر دۆستۆیڤیسکی.

هەفتەی رابردوو لە کوێت 43ـەمین پێشانگەی نێودەوڵەتی بۆ کتێب بەڕێوەچوو. وەزارەتی راگەیاندنی کوێت قەدەغەی خستە سەر نزیکەی هەزار کتێب و بێبەشیکردن لە بەشداریکردنیان لە پێشانگاکەدا. رۆمانی ”برایانی کارامازۆف“ ـی رۆماننووسی رووسی ڤیۆدۆر دۆستۆیڤیسکی یەکێک بوو لە کتێبە قەدەغەکراوەکان.

سەعد ئەلعەنزی، بەڕێوەبەری پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب لە کوێت رایگەیاند، 948 ناونیشانمان لە پێشانگەکەدا قەدەغە کردووە، لە نێویاندا رۆمانەکەی دۆستۆیڤیسکی کە لە سەدەی نۆزدەدا بڵاوکراوەتەوە و تێیدا باس لە رەوشت و خێزان و ئایین دەکات.

ئەلعەنزی راشیگەیاند: ”قەدەغەکردنی 948 ناونیشان بەراورد بە 87 هەزار ناونیشان کە بەشدارییان لە پێشانگاکەدا کردووە، رێژەیەکی زۆر نییە، هەروەها 12 هەزار ناونیشانی نوێی کتێب هەن و بڕیاری قەدەغەکردن و بێبەشکردنی ئەم کتێبانەش بەپێی یاسای تایبەتی وەزارەتی راگەیاندن ئەنجامدراوە“.

دیاردەی قەدەغەکردن و سانسۆر خستنە سەر کتێب لە کوێت بووەتە جێی ناڕەزایی نووسەران و رۆشنبیران. بەپێی ئامارێکی دەزگای چاودێریی چاپکردنی کتێب، لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا نزیکەی چوار هەزار کتێب لە کوێت قەدەغەیان خراوەتە سەر.

لە کوێت لەنێو کتێبە قەدەغەکراوەکاندا، رۆمانە بەناوبانگەکانی وەک ”قەمبووری نۆتردام“ـی نووسەر ڤیکتۆر هیگۆ و ”سەدساڵ تەنیایی“ ـی گابریێل گارسیا مارکیز و چەندین ناونیشانی دیکەی زۆر ناسراو هەن.

## گفتوگۆیەک لەگەڵ وەرگێڕی ڕۆمانی (کۆبانی) بۆ سەر زمانی فارسی

# ”کۆترەکان ڕێزیان بۆ ئەم سنوورە دادەنا“ *

”جەمال مەشایی“ ساڵی 1994 لە شاری ماکۆی سەر بە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا لە ئێران لەدایک بووە. دوای وەرگرتنی دیپلۆم، لە ساڵی 2011 دا دەچێتە زانکۆی زەنجان و لە بواری زەمینناسیدا دەخوێنێت. هاوکات لەگەڵ خوێندنی زانکۆ، دەست بە چالاکی ئەدەبی و ڕۆژنامەوانیش دەکات، سەرباری چاپ و بڵاوکردنەوەی چەند گۆڤار و بڵاڤۆکێکی زانکۆیی بۆ قوتابیان. ساڵی 2017 بۆ تەواوکردنی ماستەر دەچێتە زانکۆی خوارەزمی لە تاران کە یەکێکە لە زانکۆ بە پلە و پێگەکانی ئێران و هەتا ئێستاش لە بواری پترۆلۆجیادا لەو زانکۆیە دەخوێنێ.

مەشایی لە کاتی خوێندن لە زانکۆ، دەست بە وانە گوتنەوەی دوو زمانی کوردی و تورکی بۆ قوتابیان دەکات و هاوکاتیش دەچێتە بواری وەرگێڕانی ئەدەبی وەک ڕۆمان و فیلمنامە و شانۆنامە. یەکێک لە کارە گرینگەکانی مەشایی، چێکردنی فەرهەنگۆکی -Interactive- بووە لەسەر بنەمای زمانی کوردی کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پێشکەوتنی زمانی کوردی هەیە. هەروەها ڕۆمانی ”هەزار تویی ئەجیننە“ لە نووسینی حەسەن مەتە و ڕۆمانی ”کۆبانی“ لە نووسینی نووسەری ناسراو ”جان دۆست“ وەردەگێڕێتە سەر زمانی فارسی کە ڕۆمانی ”کۆبانی“ لە ڕۆژی یەکی نۆڤەمبەری 2018 لە ڕێوڕەسمێکی گەورەدا لە تاران کەوتە بەر دەستی خوێنەران. (رووداو) بەو بۆنەیەوە ئەم وتووێژەی لەگەڵ مەشایی ساز کردووە.

**هەڤپەیڤین: یوسف مەحموودی**



**– کۆبانی ڕۆمانێکی شکۆمەند و پڕبایەخە**

**– لەم ڕۆمانەدا سنووری نێوان واقیع و خەیاڵت بۆ لێک ناکرێتەوە**

**– هەموو کەس ناتوانێ وەکو جان دۆست ئەم ژان و تراژیدیایە بەشێوەی ڕۆمان یا شیعر بەیان بکات**

**رووداو: ئێوە لە منداڵی یان مێرمنداڵیدا کەڵکەڵەی نووسینتان هەبووە؟ چوون کەس بە هەڵکەوت نابێتە وەرگێڕ و کەسێک کە وەرگێڕانی ئەدەبی دەکات لەڕاستیدا خەریکە جۆرێک بەرهەمهێنانەوەی ئەدەبی دەکات؟**

**مەشایی:** لە منداڵییەوە زۆرتر هۆگری کاروباری ئەدەبی بووم، بە شێوەیەک کە توێژینەوەی زۆرم لەسەر زمان و ئەدەبی جیهانی، بەتایبەت زمان و ئەدەبی کوردی کردووە و هەروەها هۆگریی زۆرترم هەبوو بۆ وەرگێڕان و نووسین. بەڕای من کەسێک کە بتوانێ بەرهەمێک وەربگێڕێت خزمەتێکی ئەدەبیی گەورەتر لە نووسەرەکەش دەکات. چوون نووسەر بەرهەمێک دەئافرێنێ، بەڵام وەرگێڕ هەم بابەتەکەی دێنێتە سەر زمانێکی تر و هەم هاوکات ئافرێنەری بەرهەمێکی ئەدەبیی نوێیە و هەروەها ڕەنگە خوێنەر و بەردەنگانی ئەو بەرهەمە نوێیە متمانە و بڕوایەکی زۆرتریان بە وەرگێڕەکە هەبێت و ئەو بە جێی متمانە و باوەڕپێکراوی خۆیان بزانن.

**رووداو: ئێوە زۆرتر دەرووەست و پێبەندی نووسەرن یا خوێنەر؟**

**مەشایی:** ئەوە بابەتێکە لە بەرهەمە جۆراوجۆرەکاندا ڕەنگە جیاوازی هەبێ، بەڵام من خۆم بڕوام بە ڕێگای نێوەنجی و میانەڕۆیی هەیە بۆ ڕاگواستنی ئەو شێواز و مێتۆدەی نووسەر لەبەرچاوێتی هەتا لە زمانێکەوە بۆ زمانی مەبەست وەریبگێڕم. ئەوەی کە لە ئینگلیزییەوە، شتێک کە مەبەستی نووسەرێکە بیهێنیە سەر زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چ فارسی چ کوردی و عەرەبی، دەبێ ئەو نموونانە باس بکەین کە بەرجەستە ن و فام دەکرێن. من خۆم زۆرتر دەرووەستی نووسەرم، لەلایەکیشەوە بۆچوونی خوێنەر و تێگەیشتنی دروست و ڕاستی ئەوم لە بابەتی وەرگێڕدراو لەلا گرینگە و هەوڵی سازکردنی هاوسەنگی لەنێوانیان دەدەم.

**رووداو: بۆ ڕۆمانی کۆبانیت بۆ وەرگێڕان هەڵبژارد؟**

**مەشایی:** کۆبانی ڕۆمانێکی شکۆمەند و پڕبایەخە کە لەڕاستیدا دوای هێرشی درندانەی داعش بۆ سەر شاری کۆبانی و خۆڕاگریی ئازایانەی ژنان و پیاوانی کورد لەو شارەدا و شکاندنی مەترسیدارترین گرووپی دژە مرۆڤ، بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژوودا. ئەم بابەتە بوو بەهۆی ئەوەی ئەو تەوەرە جیهانی بێتەوە. خۆڕاگرییەک کە ژنان و پیاوانی کورد نیشانیاندا لە جیهاندا بێوێنە بوو. ئەو تراژیدیایەی لەم شارە ڕوویدا یەکجار جێگای داخ و کەسەر بوو، هەروەک ئەگەر بەرهەمەکەی جان دۆست بخوێننەوە تێدەگەن کە نیوەی بەرهەمەکە بە شێوەزاری خەڵکی کۆبانی نووسراوە، ئەوە بۆ ڕێزگرتنە لەو کەسانەی ئەم ژان و ناخۆشی و کارەساتەیان بەسەردا هاتووە هەتا هێورکەرەوەیەک بێ بۆ خەڵکەکەی و بتوانن ئاسانتر بیخوێننەوە و هاودەمی بن. هەروەک بۆ منیش کە لە قۆناغی بەکالۆریۆسەوە دەستم دایە ئەم کارە، زۆر دژوار بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کە پێشتر لە بارەی زمانی کوردی و شێوەزارە جۆراوجۆرەکانییەوە توێژینەوەی بەربڵاوم هەبوو، توانیم ئەم بەرهەمە گرینگە بە باشترین شێوە وەرگێڕمە سەر زمانی فارسی.

**رووداو: کتێبەکە زنجیرە چیرۆکگەلێکی تێکچنراوە کە هێندێک جار مرۆڤ دەباتە ناوەڕاستی شەڕێکی قورس و دواتر لەوێڕا ڕاکێشی دەکا بۆ وڵاتێکی جوانی خەیاڵئامێز، ئاخۆ نووسەر لە دیدێکی واقیعی کەڵکی وەرگرتووە؟**

**مەشایی:** نەخێر، بەڕێز جان دۆست نزیکەی بیست ساڵ لەوەپێش کۆبانی و وڵاتی سووریای جێهێشتووە و بەرەو ئەورووپا ڕۆیشتووە و لە ئەڵمانیا نیشتەجێ بووە. کاتێک ئەم ڕۆمانەی جان دۆست دەخوێنییەوە، سنووری نێوان واقیع و خەیاڵت بۆ لێک ناکرێتەوە. یانی جان دۆست لە بیست ساڵ لەمەوپێشەوە هیچ هاتوچۆیەکی بۆ کۆبانی نەبووە و تەنیا بە یارمەتی خەیاڵی بەهێز و پێنووسی بەبڕشتی خۆی توانیوێتی ئەم ڕۆمانە بنووسێت. بەڕای من یەکێک لە بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕۆمانە کە لەوانەیە لە ئەدەبدا نموونەی زۆر کەم بێت، ئەوەیە کە نووسەر بە یارمەتی توانای خەیاڵی بەهێزی خۆی توانیویەتی 500 لاپەڕە سەبارەت بە ڕووداوە دڵتەزێن و تراژیدییەکەی کۆبانی بنووسێت و شاکارێک بخولقێنێ و ڕووداوەکان ئاوا سەرکەوتوو بێنێتە بەر دیدی خوێنەران، بە شێوەیەک کە مێژووی سەت ساڵەی کۆبانێی تێدا بێتە بەرباس. بەڕای من هەموو نووسەرێک ناتوانێ ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنێ بەم جۆرەی کە ئاستی واقیع و خەیاڵی تێدا لێک جیا نەکرێتەوە.

**رووداو: لە سەرەتای کتێبەکەدا نووسراوە: ” دەڵێی ئەم کۆترانە سنووریان ناسیوە و لێی تێپەڕ نابن“.. ڕستەیەکی کورتە، بەڵام زۆر پڕمانایە. دەتوانی ئەم ڕستەیەمان کەمێک بۆ شی بکەیتەوە؟**

**مەشایی:** وێڕای دەستخۆشیم لە ئێوە کە بە وردبینییەوە گرنگیی ئەم ڕستەیەتان دۆزیوەتەوە، سەبارەت بەم ڕستەیە کە ”کۆترەکان ڕێزیان بۆ ئەم سنوورە دادەنا“ دەبێ بڵێم دوای ڕووخانی عوسمانییەکان و دامەزراندنی تورکیای ئێستا و بیچمگرتنی سنوورە نوێیەکان، زوڵم و زۆرێکی لە ڕادەبەدەر بەسەر خەڵکی وێدا داسەپا. خەڵکێک کە لە سەرەوەی هێڵی شەمەندەفەر بوون، لەگەڵ خەڵکی کۆبانی و باکووری سووریا پەیوەندیی خزمایەتییان هەبوو، بەڵام بەهۆی ئەم سنوورەوە لێکدابڕان. پێبەندنەبوون بەم سنوورانەوە دەرئەنجامی خراپی بۆ خەڵکەکە لێدەکەوتەوە. بەڕای من ئاماژەی نووسەر بۆ ئەم کەشە مەترسیدارەیە کە کەس ناتوانێ ئەم هێڵی سنوورە، یان بە وتەی کتێبەکە ئەم هێڵی شەمەندەفەرە ببەزێنێ و نووسەر ئەوە دەشوبهێنێ بە زمانی باڵندەکان، واتە ئەوانیش نەیاندەتوانی لە سنوور تێپەڕ بن بەهۆی ئەم کەشە ترسێنەرەوە، یان لەوانەیە بەهۆی ڕێز بۆ سنوورە نێونەتەوەییەکان نەیاندەویست ئەم سنوورانە ببەزێنن.

**رووداو: لە کتێبەکەدا کۆبانی بە چەند نێوی دیکەش ناو دەبردرێت. سەبارەت بەم شێوە نێوبردنە ڕوونکردنەوەی تۆ چییە؟**

**مەشایی:** دەڵێن کۆبانی زۆرتر لە وشەی فەڕانسەوی کۆمپانی وەرگیراوە. کانی عەرەبان یان کۆبانی پێشتر شارێکی گەورە نەبووە و لەڕاستیدا بە کانییەکیان گوتووە کە ئێستا لە ناوەڕاستی شاری کۆبانیدایە. دواتر فەڕانسەوییەکان هاتن شەریکەی جۆراوجۆریان دانا کە پێیاندەگوتن کۆمپانی و ئەم وشەی کۆمپانییە وردە وردە لە ئاخافتنی خەڵکیدا بووە کۆبانی. دوای داگیرکردنی بەشێک لە کۆبانی لە لایەن داعشەوە، نێویان لێنابوو عەینولئیسلام و هەرکەس بەم نێوەوە پابەند نەبا لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرد و بە توندی سزایان دەدا. کۆبانی دوای بەرخودان و سەرکەوتن لەلایەن ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان زۆرتر سەرنجی درایە و زۆرتر هاتە نێو ڕۆژەڤەوە و هەتا ئەو ڕادەیە کە نەتەوەیەکگرتووەکان ڕۆژی یەکی نۆڤەمبەری بە ڕۆژی جیهانیی کۆبانی نێونا.

**رووداو: لە کتێبەکەدا زۆرمان گوێ لە وشەی پەنابەر دەبێت، دەتوانن شیکارییەکی ئەم وشەیە بکەن؟**

**مەشایی:** لەم ماوەی دوو ساڵەدا کە من ئەم کتێبەم زۆر بە وردی تاووتوێ کرد، بەو ئاکامە گەیشتم کە ئامانجی نووسەر دەبێ ئەم شتانە بێت:

لە کۆندا ناوچەی کۆبانی بەڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەریی دابونەریتی عەشیرەتی و دەرەبەگایەتیدا بووە، بۆ وێنە حەمزراوئاغا کە لەبەر هێندێک هۆکار لە کوردستانی تورکیاوە بەرەو کوردستانی سووریا ڕایکردبوو، بەهۆی نەبوونی عەشیرەتی ناسیاوی ئەوان، بە پەنابەر و نارەسەن و سووک تەماشایان دەکرد، هەروەک لە ناوەندی ڕۆمانەکەشدا بۆمان دەردەکەوێ، ئەوانە لە پێگەیەکی نزمتر دادەنران و هەتا ڕادەیەک کە لە ژن و ژنخوازی و خزمایەتی لەگەڵ ئەوان خۆیان دەبوارد. لەڕاستیدا بابەتێک پەیوەندی بە دواکەوتوویی سیستەمی فیۆدالیسم هەیە کە نووسەر بە شێوازێکی زۆر بوێرانە هەوڵی هێنانە بەرباس و خاشەبڕکردن و لەناوبردنی داوە.

**رووداو: لە کولتووری کوردیدا ژن پێگەیەکی تایبەتی هەیە، ڕۆڵی ژن لە کوبانی و هەروەها لە ڕۆمانی کۆبانیدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**مەشایی:** لە بارەی ڕۆڵی ژن لە کۆبانیدا:

ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا تا ئەندازەیەکی زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگاکانی تردا. لە ڕۆمانی کۆبانیـ دا لەگەڵ کچێکی 14ساڵ بەنێوی ڕۆشان بەرەوڕوو دەبینەوە کە نموونەیەکە لە ڕۆڵی بەرزی ژن لە ئەدەبیات و بە تایبەتی لە فەرهەنگی کوردیدا و نرخ و پێگەیەکی زۆر باڵایان بۆ لەبەرچاو گرتووە. کەسێک کە هەستی ژنایەتی و پیاوەتی، دژواری و نیانی، ئەوین و ڕق و خۆڕاگری پێکەوە نوێنەرایەتی دەکا. هەروەک توێکاری وشەی ژنیش لە زمانی کوردیدا نیشان دەدات کە وشەیەکی پیرۆزە، یانی کەسێک کە ئافرێنەر و خولقێنەرە و لەدایکبوونی مرۆڤایەتی بەو دەستپێدەکا. ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا زۆر بەرز و باڵاترە لەو ڕۆڵ و پێگەیەی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان بۆیان پێناسە کردووە.

لە کۆبانیدا ژن کەسێکە کە خۆڕاگری و بەرخودان بەو دەستپێدەکا. لە ڕۆشانێکەوە دەستپێدەکا کە توانیوێتی بەسەر بیرکردنەوەی دواکەوتووی بنەماڵەکەی خۆیدا سەرکەوێت و کاتێک داعش هێرشی کردە سەر کۆبانی و خەڵک بەرەو سنوورەکان ڕایانکرد، بەو بڕیارە گەیشت کە تێکەڵی خۆڕاگری بێت و تا دوایین دڵۆپی خوێنی خۆی خۆڕاگری بکات.


**رووداو: لەگەڵ ئەوەی ڕۆمانی کۆبانی کتێبێکی ئەستوورە، بەڵام خوێنەر هیچکات لە خوێندنەوەی ماندوو نابێ، دەتوانی هۆکاری ئەم جیاوازییەمان بۆ باس بکەی؟**

**مەشایی:** هۆکاری جیاوازیی ئەم ڕۆمانە لەگەڵ ڕۆمانەکانی تر ئەوەیە کە ئەم ڕۆمانە و ئەم پێنووسە لە گشت ئەو 22 بەشەی ڕۆمانەکەدا بە شێوەیەکی مەتەڵئامێز کاری کردووە و خوێنەر بەو ئاقارەدا دەبات کە دوای سەرەداوی ئەو مەتەڵانە بکەوێت. لە هەر بەشێکی ڕۆمانەکەدا خوێنەر دەستەویەخەی جۆرێک لە هاوکێشە دەبێت. هاوکێشەی سەرەکی شەڕی داعشە و لە هەربەشیدا خوێنەر ناچار دەبێ زنجیرە بەشەکان لەپەنا یەکتر دانێت تا بە ئاکامی کۆتایی بگات. لەڕاستیدا ئەم تایبەتمەندییەی ڕۆمانی کۆبانی بێوێنەیە، هەروەک ڕەخنەگرانیش ئاماژەیان بۆ کرد، هەموو کەس ناتوانێ ئەم ژان و تراژیدیایە بەشێوەی ڕۆمان یا شیعر بەیان بکات. دەبێ نووسەر زۆر بەتوانا و بە دەسەڵات بێ کە بتوانێ هەم بەردەنگ لە باسەکانی شەڕدا نوقم بکات و هەم بە ئەوپەڕی ئەوینەوە دەنگی هەڵبڕێ و بە ئاکامی مەبەست بگات.

**رووداو: ئێوە لە وەرگێڕاندا سەرمەشقێکی تایبەت لەبەرچاو دەگرن؟**

**مەشایی:** پیشەی وەرگێڕان، پیشەیەکە کە دەبێ لەگەڵی ڕاستگۆ بین. ئەو باسانەی کە نووسەر دەیەوێ بە بەردەنگی خۆی بگەیەنێ، زمانی سەرەکی ڕۆمانێک کە هەست و خەیاڵەکانی خۆی لە ناخی ئەو زمانەدا تەنیا بەردەنگە سەرەکییەکانی ئەو زمانە دەتوانن دەرکی بکەن، ئەگەر بمانەوێ وشە بە وشە وەریبگێڕینەوە بۆ خوێنەرانی زمانی مەبەست، لەوانەیە دەرک نەکرێ. منیش هەوڵ دەدەم ئەم تێبینییانە لە کارەکانی خۆمدا لەبەرچاو بگرم. لەڕاستیدا سەرمەشقێکی تایبەتم نییە و حەزدەکەم شێوازی تایبەتی خۆمم هەبێ.


***ڕستەیەکی ڕۆمانی ”کۆبانی“ لە نووسینی ”جان دۆست“ کە لەم ئاخافتنەشدا بە وردی قسەی لەسەر کراوە.**




---

## نامە ئەکادیمیی

## کاریگەری



ئەمە ناونیشانی نامەیەکی ماستەرە کە ساڵی 2000 لەلایەن عەلی تاهیر حسێن پێشکەشی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی کراوە. نامەکە تەرخانکراوە بۆ ئەو نوێگەرییانەی ڕوانگە لە شیعری کوردیدا کردوونی و لە سێ بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: باسی ئەو بزووتنەوە نوێگەرییانەی پێش ڕوانگە لە هەر چوار پارچەی کوردستان دەکات، نوێگەریی ئەدەبیات و شیعری عەرەبی و فارسی و تورکی ئاوڕیان لێدراوەتەوە و کاریگەریشیان لەسەر نوێگەریی شیعری کوردی دەرخراوە. لەسەرەتاوە توێژەر چەمکی نوێگەری لە ئەدەبیاتە جیاوازەکانی ئەورووپا و ڕۆژهەڵات نیشانداوە و جیاوازی و ململانێی کۆن و نوێخوازی باسکردووە، هاوکات باسی وەهمەکانی نوێگەری لە ڕوانگەی ئەدۆنیسەوە کردووە کە جەخت لەسەر وەهمی (زەمەنگەری و لێکنەچوونو لێکچوون..) دەکات، توێژەر خۆیشی باسی چەند وەهمی وەکو دابڕان لە ڕەگو قەتیسکردنی نوێگەری لە ئەدەبدا و سنووردارکردنی لەچوارچێوەی سەدە و کاتێکدا و دابڕینی لە ڕابردوو کردووە. دواتر باسی نوێگەری لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستان دەکات، ئاماژە بە بۆچوونی نووسەر و شاعیرە کوردەکان دەکات کە ئەدەبی کلاسیک زیاتر بایەخی بەشێواز داوە، بەڵام لە سەرەتای نوێگەری لە شیعری کوردیدا، بۆ (نا)ی نالی دەگێڕێتەوە کە دەڵێ:

**کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە**
**هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالبی مانا دەکات**

نوێگەریی ئەم تێکستەش لە بە کوردیکردنی تێکستە شیعرییەکاندا بووە. پاشان باسی سەدەی بیست دەکات کە نوێگەری لە هێنانی زمانێکی نوێی شیعریدا بوو، ئەوەش گۆڕینێکی بنەڕەتی [بۆ کوردیی پەتی] نەبووە، بەڵکو وەک گۆران دەڵێ (کوردی عوسمانلی) بووە، واتە لە ژێر کاریگەریی ڕۆمانتیکە تورکەکاندا بووە. پاشان باسی

## میرنامە و ت

## پاش نووس

◄ جەلال محەممەد

(مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی، لەگەڵ وشکبوونەوەی مەرەکەبی دێڕەکانی، کەوتە بەر دژایەتیی توندی نەیارانی خانی و دەستوپێوەندەکانی میر و ئەو شاعیرەیان وەک کەسێکی لادەر و گومڕا ناوبرد. بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە خانی کتێبەکەی پڕکردووە لە کوفر و بێباوەڕی و شەیتانی بە بەستەزمان و بێتاوان زانیوە و داوای کردووە پێغەمبەر جارێکی تر میعراج بکاتەوە و ڕەخنەی لە خودا و پێغەمبەر گرتووە. خانی بە هەوڵدان بۆ تێکدانی ڕەفتاری گەنجان تۆمەتبار کرا، چونکە لە ژووانەکانی مەم و زیندا وێنەیەکی تەواوی بێئەخلاقی نیشاندەدات، بەتایبەت لە ژووانی ستێ و تاژدیندا. پێیانوابوو ئەوەی خانی لە مەم و زیندا نووسیویەتی، نە حەقبێژییە و نە بوێرییە، بەڵکو بێئەمەکییە بەرامبەر میری مەزن. دەیانگوت زانا و شەرعزانێکی شارەزا چی داوە لە عەشق و خۆشەویستی، بۆچی لە وتاری ڕۆژی هەینیدا ناوی میر و سوڵتان ناهێنێ و ستایشیان ناکات، سەرەڕای ئەوەش سووکایەتی بەو میرانە دەکات کە ڕێزی زانست و ئەدەب ناگرن، لە هەمووشی سەیرتر وازی لە زمانی تورکی هێناوە و بە کوردی دەنووسێت... ئەمانە و دەیان تۆمەتی تر کە میر و دەسەڵاتدارانی ناوچەکانی تریان لەدژی هاندەدا تا خانی بێدەنگ بکەن و لە دەرس و گوتاربێژی دووری بخەنەوە.

ئەوەی جێگای سەرنجە، زۆرترینی ئەو کەسانەی دژایەتییان کردووە زانا و مفتەخۆرانی بەردەرگای میر بوون، ئەوان گەرچی خۆیان بە نوێنەری خوا و پەیڕەوکاری ئایین زانیوە، بەڵام نەک نەیانتوانیوە بچووکترین وشە لە بەرامبەر ستەم و نادادی و ناحەقییەکانی میر بڵێن، بەڵکو ستایشیان کردووە، چەندینجار لەسەر ئەو بابەتانەی کە بەلای ئەوانەوە کوفر بوون، هاتوون لەگەڵ خانی گفتوگۆیان کردووە، بەڵام لە بەرامبەر شارەزایی و زمانپاراوی و وەڵامەکانی خانیدا بێدەنگی دایگرتوون، خانی

ـەکان

# ڕوانـگە لە نوێگەریی شیعری کوردیدا



بزووتنـەوەی ریالیـزم دەکات کـە کاریگـەری لەسـەر گۆڕانـی نـاوەڕۆک و شـێوازی شـیعری هەبـووە کـە زمانێکـی بـەرەو پەتـی چـووە، نموونـەی ئەمـەش لـە شـیعری (ئەدەمیـزاد)ی شـێخ نووریـدا نیشـان دەدات کـە بەپێچەوانـەی شـیعری کلاسـیک، تەنیـا جەختـی لەسـەر روخسـار دەکـرد.

ئـەم نوێگەرییـە لـە گەڕانـەوە بـۆ سـەر کێشـی بڕگەیـی و هەمەڕەنـگ بـرەوی سـەند و ڕۆڵـی لـە گۆڕینـی جوگرافیـای تێکسـتی کوردیـدا هەبـووە. دواتریـش باسـی نوێگـەری لـە پەنجاکانـی ئـەم سـەدەیەدا دەکات و نموونـەی کامـەران موکـری و دیـلان وەک هەنگاونـان بـەرەو شـیعری سەربەسـت دەهێنێتـەوە. توێـژەر ئـاوڕ لـە شـیعری سەربەسـت دەداتـەوە و پێشـینەی ئـەم شـێوەیە لای شـاعیرانی عـەرەب و ڕۆژئاوایـی نیشـاندەدات کـە شـیعری سەربەسـت لای عـەرەب و کوردیش خـۆی لـە گۆڕینـی قاڵبـی شـیعری و یەکێتـی هەڵبەسـت و دامەزراندنـی وەزن لەسـەر بنەمـای تەفعیـل، دەبینێتـەوە. شـیعری نـوێ گۆڕانـی نـەک لـە شـیعر خۆیـدا بەڵکـو لەسـەر بەردەنگەکەشـی کـرد، واتـە خوێنەرەکانـی لـە چینێکـی دیاریکـراوەوە گـۆڕی بـۆ هەمـوو کـەس. لـە خۆرهەڵاتـی کوردستانیش توێـژەر دوو نـەوەی نوێخـواز دیـاری دەکات: (هێمـن، هـەژار و هێـدی)، لەگـەڵ (سـوارە). دیـارە نـەوەی یەکـەم بەتـەواوی ڕێچکـەی نوێـی نەگرتـووە، بـەڵام سـوارە پێشـەنگی نوێخـوازی لەسـەر ئاسـتی تەکنیـک، کێـش و سـەروا و ئاسـتی وشـە و واتـا بـووە. هەروەهـا لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان باسـی (قـەدری جـان و جگەرخویـن) دەکات، کـە ئەمانیـش راسـتە لەژێر کاریگەریـی ئەدەبی نوێخـوازی باشـووری کوردسـتاندا بـوون، بـەڵام سـیمای خۆیـان بـووە، بـۆ نموونـە قـەدری جـان لـە شـێوازی پـەروەردە و خوێندنیشـیدا بەپێچەوانـەی ئـەوەی لـە مزگـەوت و لـەلای مـەلا پـەروەردە بێـت، بەڵکـو لـە قوتابخانـەی نوێـدا خوێندوویەتـی، بۆیـە سـیماو ناوەڕۆکـی شـیعری نوێیـان هەبـووە. لـە باکووریـش باسـی مانـەوەی شـاعیران لەچوارچێـوەی کولتـووری ئیسـلامیدا دەکات، بـەڵام لەسـەدەی بیسـتدا گۆڕانـکاری ڕوویـداوە و عەبدولڕەحیـم هـەکاری توانیویەتـی شـیعری ئـازاد و کێشـی پەنجـە پێـش شـێخ نـووری و گـۆران بهێنێتـە نـاو ئەدەبـی کوردییـەوە.

بەشـی دووەم: توێـژەر بـە چـوار پـار باسـی بزووتنـەوەی ڕوانگـەو بانگەوازەکەیـان و هـۆکاری سـەرهەڵدان و لایەنگـرو نەیارەکانیـان، پاشـان ڕوانگـە لـە دیـدی ئێسـتاوە دەکات. باسـی ئـەو وەرچەرخانـەی سـاڵی 1970 لـە بزووتنـەوەی رزگاریخـوازی گەلـی کـورددا دەکات کـە دەرچوونـی بەیاننامـەی 11ی ئـادار بـوو، تێیـدا دان بـە مافەکانـی گەلـی کـورددا نـراو یەکێتـی نووسـەرانی کـورد دامـەزراو نامیلکـە و کتێـب بەزمانـی کـوردی بڵاوکرانـەوە، هەروەهـا لەسـەر ئاسـتی جیهانیـش کۆمەڵێـک گۆڕانـکاری سیاسـی و ئەدەبـی ڕوویانـدا، لەسـەر ئاسـتی ناوچەکـەش ڕۆشـنبیر و شـاعیرانی عـەرەب کۆمەڵێک بڵاوکراوەیـان هەبـوو کـە بیـرو ئەدەبـی نوێخوازییـان بڵاودەکـردەوە، بەتایبـەت (مجلـە الشـعر، الکلمـە و مجلـە ٦٩...). توێـژەر باسـی بانگـەوازی ڕوانگـە دەکاتو لـە وشـەی ڕوانگـەوە دەسـتپێدەکات کـە یەکەمجـار داهێنـراوی شـێرکۆ بێکـەس بـووە و ئـەو ئـەم وشـەیەی هێناوەتـە نـاو دنیـای ئەدەبـەوە، دواتـر بەکاریگـەری ئـەو نوێخوازییـەی باڵـی بەسـەر ئـەدەب لـە دنیـاو ناوچەکـەدا کێشـاوە، لەژێـر کاریگـەری هەمـوو ئەمانـە و ئـەو گۆمـە مەنگـەی لەشەسـتەکاندا باڵـی بەسـەر ئەدەبـدا کێشـاوە، بیریـان لـەوە کردووەتـەوە کـە بزووتنەوەیەکـی نوێخـوازیو بەیاننامەیـەک لەژێـر نـاوی ڕوانگـە لـە ناوەڕاسـتی وەرزی بەهـار لـە یەکێتـی نووسـەران لـە بەغـدا (شـێرکۆ بێکـەس، حسـێن عـارف، جەلالـی میـرزا کەریـم، کەمـال محەممـەد و شـێرکۆ بێکـەس وەک نوێنـەری جەمـال شـارباژێڕی) بنووسـن و واژۆی بکـەن. پاشـان گۆڤارێکیـان بەنـاوی (ڕوانگـە) کـە گوزارشـتی لـە دیـدو ڕوانگـەو ئەدەبەکەیـان کـردووە، بڵاوکردووەتـەوە. دیـارە بانگـەواز و بەیاننامـەی ڕوانگـە بانگهێشـتکردنی هەمـوو ئـەو ئەدیبانـەش بـووە کـە وەک خۆیـان بیردەکەنـەوە و نوێخـوازن بـۆ نـاو ڕوانگـە. لـەم بانگـەوازەدا جەخـت لەسـەر شۆڕشـگێڕی، یاخیبـوونو ئازادبوونـی بیـر و وشـە و ئیسـتاتیکای هونـەری بـۆ گشـت مـرۆڤ نـەک چینێکـی دیاریکـراو دەکاتـەوە.

دواتـر توێـژەر بـە وردی باسـی نوێگـەری دەرەوەی ڕوانگـەو گروپـی (کەرکووک-کفـری) و ململانێـی لەگـەڵ ڕوانگـە دەکات، هـاوکات نموونـەی شـیعری نوێخـوازی لەتیـف هەڵمـەت و فەرهـاد شـاکەلی دەهێنێتـەوە. توێـژەر بـۆ باشـتر ڕۆشـنکردنەوەی ڕوانگـە و بەیاننامەکـەی، بـەراوردی دەکات لەگـەڵ هـەردوو بەیاننامـەی بزووتنـەوەی ئەدەبـی فارسـی و عەرەبـی، کـە هاوکاتـی ڕوانگـە دەرچـوون، ئەوانیـش بەیاننامـەی (٦٩)و (حەجـم) کـە هەردووکیـان لە 1969 و ڕوانگـەش مانگـی نیسـانی 1970 دەرچـوون. توێـژەر بـە بەڵگـەوە کاریگـەری شـاعیرانی فـارس و عـەرەب [نوێخوازانـی ٦٩و حەجـم] لەسـەر ڕوانگەییـەکان دەخاتـەڕوو، هـاوکات ڕۆشـنایی دەخاتـە سـەر جیاوازیـی بەیاننامەکانیـان. لـە هەمـان بەشـدا دیـدی نەیـاران و لایەنگرانـی ڕوانگـە دەخاتـەڕوو، دواتریـش باسـی ئەزموونـی ڕوانگـە لـە ئێسـتادا دەکات.

لـە بەشـی سـێیەمدا بەشـێوەیەکی پراکتیکـی ئەزموونـی شـیعری ڕوانگەییـەکان بەسـەرکراوەتەوە و تیشـک خراوەتـە سـەر نوێخوازییەکانیـان لـەڕووی لایەنـی تەکنیـکو ناوەڕۆکـەوە. لەسـەرەتاوە باسـی باڵادەسـتی نوێخوازیـی ڕوانگـە لـە شـیعردا نـەک لـە چیرۆکـدا دەکات، چونکـە بۆچوونـەکان لەبـارەی ڕوانگـەوە زیاتـر لـە شـیعردا نـەک چیرۆک لەنگـەری گـرت. توێـژەر سـەرەتا باسـی کاریگەریـی ڕوانگـە لـەو قۆناغـەدا دەکات کـە چـۆن باڵـی بەسـەر ئەدەبـی کوردیـدا کێشـاوەو وای کـردووە گفتوگۆیەکـی ئەدەبـی و ڕەخنەیـی بـۆ نوێخوازیـی شـیعری کـوردی بێتـە ئـاراوە و ڕوانگـەش راسـتە تەنیـا چەنـد کەسـێک بـوون، بـەڵام لـەڕووی بیـری نوێخوازییـەوە چەندیـن ئەدیبـی دیکـە هاوپەیامـی بـوون، بۆیـە توێـژەر شـیعری ئـەو شـاعیرانەش بـە نموونـە دەهێنێتـەوە کـە هەمـان گیانـی یاخیبـوون و نوێخوازییـان تێـدا بـووە. توێـژەر لەسـەرەتاوە باسـی چەمکـی (یاخیبـوون) دەکاتو جەخـت لـە بۆچوونـی کامـۆ دەکات کـە یاخیبوونـی میتافیزیکـی و مێژوویـی جیادەکاتـەوە و بەسـەرچاوەی نائـازادی و دیکتاتۆرییـان دادەنێـت و پێشـیوایە ئاکامـی زۆربـەی شۆڕشـەکان بـە دیکتاتـۆری کۆتاییـان دێـت. لەپاڵیـدا جەخـت لەسـەر یاخیبوونێـک بـە بەهـای ڕێژەیـی نـەک ڕەهـا دەکاتـەوە، دواتریـش توێـژەر ئـاوڕ لـە گرنگیـی یاخیبـوون لای ڕوانگەییـەکان دەداتـەوە کـە بـە چ مانایـەک هاتـووە و بۆچـی لـە بەیاننامەکەیانـدا زۆر جەختیـان لەسـەر کردووەتـەوە. پێیوایـە کـە یاخیبوونـی ڕوانگەییـەکان ڕوویەکـی فەلسـەفی نیـە و زیاتـر لایەنـی شۆڕشـگێڕی تێیـدا زاڵـە، بۆیـە پۆلێنـی دوو جـۆر یاخیبـوون دەکات و نموونەگەلـی شـیعریان بـۆ دەهێنێتـەوە:

١ـ یاخیبوونـی کۆمەڵایەتـی، کـە یاخیبوونـە دژی دەسـەڵاتی ئاینـی و دژی نەریتـە کۆنەکانـی کۆمـەڵ.

٢ـ یاخیبوون دژی دەسەڵاتی سیاسی.

لـە کۆتاییشـدا باسـی تەکنیکـی شـیعری ڕوانگەییـەکان دەکاتو سـەرەتاش باسـی تەوزیفکردنـی ئەفسـانە جیهانییـەکانو چیرۆکـە میللـیو فۆلکلۆرییـە کوردییـەکان لـە شـیعرەکانیاندا بەسـەر دەکاتـەوە. ئـەو پێیوایـە جیاوازیـی ڕوانگەییـەکان ئەوەیـە کـە لـە شـیعرەکانیاندا واقیعێکـی فەنتازییـان خولقانـدووە، هەروەهـا ڕەگـەزی دراماو ڕەمـز ڕۆڵـی سـەرەکییان گێـڕاوە. جگـە لـەوەش بەتایبـەت لای شـێرکۆ مامەڵەیەکـی نـوێ لەگـەڵ زمانـی شـیعردا دەبینرێـت، هـاوکات گۆڕانکاریشـیان لـە وێنـەی شـیعریدا کـردووە.

لـە کۆتاییشـدا توێـژەر بـە 18 خـاڵ ئەنجامـی نامەکـەی دەخاتـەڕوو. حـەوت خاڵیـان باسـی ئـەو زەمینـە و گۆڕانانـە دەکـەن کـە پێـش ڕوانگـە بـۆ نوێکردنـەوەی شـیعری کـوردی ڕوویانـداوە و ڕوانگەش لـە ئەنجامـی کۆمەڵێـک هـۆکاری دەرەکـی و ناوخۆیـی و ناوچەیـی سـەریهەڵداوە، بۆچوونـی ڕوانگەییەکانیـش بـۆ کەلەپـوور فڕێـدان و سـڕینەوەی نەبـووە، بەڵکـو ڕەتکردنـەوەی بـووە لـەو شـوێنەی کـە داهێنـان دەکوژێـت، بەکارهێنانیشـی بـووە لـەو جێگەیـەی کـە شـتی نـوێ بخولقێنێـت. هـاوکات ڕوانگـە سـەرەڕای کاریگەریـی زۆری (٦٩) بـەڵام، لاسـاییکردنەوەی کوێرانـەی ٦٩ی عێراقـی و حەجمگەرایـی فارسـەکان نەبـووە، چونکـە ئـەم دوو بەیاننامەیـە زیاتـر ڕوویـان لـە تـاکو سـتاتیکای هونـەر بـووە، بـەڵام ڕوانگەییـەکان بەشـێوەیەکی هونـەری لـە کۆمـەڵ و کێشـە کۆمەڵایەتییـەکان نزیکبوونەتـەوە. توێـژەر سـێ دەسـتە لـە نووسـین و نووسـەران [لایەنگـرو دژ و بابەتیانـە نووسـین] لەبـارەی ڕوانگەییـەکان جیادەکاتـەوە. هەروەهـا خاڵـی 16 جەخـت لـە یاخیبوونـی شۆڕشـگێڕانەی ڕوانگـە نـەک یاخیبوونـی فەلسـەفییانە دەکاتـەوە. لـە کۆتـا خاڵـدا توێـژەر گرنگیـی ڕوانگـە لـە ئەدەبـی کوردایـدا بـاس دەکاتو پێیوایـە "ڕوانگـە پراکتیزەکردنـی ڕۆحـی دیالێکتیـک بـوو لـە واقیعـی ڕۆژانـەدا و ئـەوەی سـەلماند کـە فیکـر هەمیشـە لـە گۆڕاندایـە".

دیـارە ئـەم نامەیـە بەسەرپەرشـتی د.دڵشـاد عەلـی نووسـراوە و سـەرۆکی لیژنـەی گفتوگـۆی نامەکـە عیزەدیـن مسـتەفا ڕەسـوڵ بـووە.

هەرێم عوسمان



مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

# ...ێروانینێک لە ژیانی ئەحمەدی خانی
# ...ینی مەم و زین



بەهەمـان ئـەو دەقانـەی کـە ئـەوان پێـی کافـر و تۆمەتباریـان کردبـوو، وەڵامـی دەدانـەوە و لـە بەرامبـەر بەڵگەکانـی خانیـدا دەسـتەوسـان دەبـوون. ئـەوان شـوێن پلەوپایـەی دنیایـی و خۆشـگوزەرانی و ژیانـی نـاو کۆشـک کەوتبـوون کـە لەلایـەن میـرەوە دەسـتەبەرکرابوو بۆیـان، لەبەرامبەریشـدا بەپێـی ڕێنماییەکانـی میـر هەڵسـوکەوتیان دەکـرد، بەتایبەتـی لـە هاندانـی خەڵکـی بـۆ بەشـداریکردن لـە شـەڕەکانی دەوڵـەت بەنـاوی جیهـاد و گوێڕایەڵـی بـۆ میـر و ستایشـکردنی لـە گوتارەکانـی ڕۆژانـی هەینیـدا. بـەڵام خانـی، لەگـەڵ ئـەوەی مـەلای جزیـری بـە شـاعیرێکی پایەبڵنـد و شیعرەکانیشـی بـە هاوتـای شـیعرەکانی حافـز و مەولانـا زانیـوە، کەچـی ڕەخنـەی توندیشـی لێگرتـووە کاتێـک ستایشـی میرێکـی ناوچەکـەی خۆیانـی کـردووە کـە ئـەو میـرە برایەکـی خـۆی کوشـتووە. خانـی دەنگـی نارەزایـی خـۆی بڵنـد کـردووە بەسـەر هـەر دەنگێکـدا کـە بەجۆرێـک خزمەتـی بـەو ڕەوتـە سـتەمکارییە کـردووە، ئیتـر میـر بێـت یـان شـاعیر، یـان هـەر کەسـێک و لـە هـەر پلەیەکـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و ئاینیـدا بوویێـت.

خانـی پێویسـتییەکی حەتمیـی سـەردەمەکەی خـۆی بـووە تـا خەڵکـی لـەو نەزانییـە هۆشـیاربکاتەوە کـە لەلایـەن دەسـەڵاتی سیاسـی (میـر) و دەسـەڵاتی ئاینـی (شـەرعزان)ەوە حوکمـی خەڵکیـان دەکـرد، خێروبێـری وڵاتیـان بـۆ خۆیـان و دەرگاوانەکانیـان دەبـرد و ڕەنـج و مەینەتیـش بـۆ خەڵکـی.

وەنەبـێ خانـی شـاعیرێکی سـەرکەش و دیندارێکـی یاخیـی بوویێـت، بەڵکـو چووبـووە نـاو قووڵایـی ئایـن و بنەمـا ئاینییەکانـی باشـتر لـە هەرکەسـێک بەجێهێناوە، هەرگیـز باکـی بـە کۆشـک و خۆشـگوزەرانی و نزیکـی لـە میـر نەبـووە و چەندینجـار میر بانگهێشـتی کۆشـکی کـردووە، بـەڵام خانـی نەڕۆشـتووە و پێیوابـووە تـا لـە میـرەوە دووربێـت لـە خـواوە نزیکـە و نزیکیـی لـە میـر و مانـەوە لـە کۆشـک و خۆشـگوزەرانیدا توانـای گوتنـی ڕاسـتییەکانی ناهێڵێـت. هەربۆیـە بەتونـدی خامـەی گرتـووە و هـەر ناحەقییەکـی لـە هـەر کەسـێکەوە بینیبێـت خستوویەتییە بـەر نووکـی تیـژی خامەکەیـەوە و خەشـم و قیـن و نارەزایـی خـۆی ئاوێتـەی مەرەکەبەکـەی کـردووە و نەخشـاندوویەتی. دەبـێ ئێسـتا ئێمـە چەنـدە پێویسـتمان بـە خانییـەک بێـت تـا خەڵکـی لـە کۆیلایەتـی و خامەبەدەسـتانیش لـە ستایشـی دەسـەڵاتداران هۆشـیاربکاتەوە؟ دڵنیـام گـەر خانـی دوای مەحـوی بژیایـە و دیوانەکـەی بخوێندایەتـەوە، سـەرەڕای ئـەو جۆبـار و لالـەزار و باخچـە پـاراوەی جیهانـی مەحـوی، ڕەخنـەی تونـدی لێدەگرت کـە ستایشـی سـوڵتانی عوسـمانیی کـردووە و گەلـی یۆنانیـی بـە سـووک و ناچیـز زانیـوە. چونکـە خانـی زۆر جەختـی لەسـەر هۆشـیاریی خەڵکـی ئاسایی دەکـردەوە کـە بەشـداریی شـەڕەکانی دەوڵەتـی عوسـمانی نەکـەن و خۆیـان نەکـەن بـە قوربانـی و بەنـاوی جیهـادەوە چاوبەسـت نەکرێـن، پێیوابـوو ئـەو شـەڕانە بـۆ خۆشـگوزەرانی و دەسـتکەوت و غەنیمەتـی میـر و سـوڵتانەکانە و خەڵکـی سـادەی پێدەخەڵەتێنـن، جـاری وا هەبـوو ئـەو لەشـکرەی بـۆ جەنگێـک ئامـادە دەکـرا، لـە بچووکتریـن تێکشـکاندا سـەرانی سـوپا و میـر و سـوڵتان هەڵدەهاتـن و تـەواوی کەرەسـتەی جەنگـی و زێـڕ و زیـو و تەنانـەت سـەربازە کـوژراو و بریندارەکانیشـیان بەجێدەهێشـت و دەیانکـردن بـە قوربانـی سـەلامەتیی خۆیـان. ئەمـە جگـە لـەوەی سـەرکردەی لەشـکرێک سـەربازەکانی خـۆی دەفرۆشـت بـە سـەرکردەیەکی تـر و هاوشـێوەی مـەڕ و بـزن نرخیـان لەسـەر دانابـوون. خانـی هـات تـا کـورد لـەم نەزانییـە هۆشـیاربکاتەوە و چیتـر نەبـن بـە کۆیلـەی تـورک و ئـەو میـرە کوردانـەی کـە کاریـان بـۆ دەوڵەتـی عوسـمانی دەکـرد. خەڵکـی لەسـەر یەکێتـی کـوردان و پێکەوەییـان هـان دەدا، دەبینیـن خەمێکـی قـووڵ بەرۆکـی خانـی دەگرێـت و لـە ناخـەوە دەیهەژێنێـت کاتێـک سـەربازێکی کـوردی بایەزیـد (باکـوور) لـە شـەڕێکدا دژی سـوپای سـەفەوی دوو بـرای کـوردی مەریوانـی (ڕۆژهـەڵات) دەکوژێـت. خانـی بـە سـەربازەکە دەڵێـت: (تـورک کوردیـان تەنیـا بـۆ شـەڕ دەوێـت، دەبێـت ئـەوان سـەردار و میـر بـن و ئێـوەش کۆیلـە و نۆکـەر، غەنیمـەت و دەسـتکەوت بـۆ ئەوانـە و کوشـتنیش بـۆ ئێـوە).

خانـی ئاواتەخـوازی میرێکـی کـوردی بـووە کـە فەرمانڕەوایـی کـورد بـکات، واتـە فەرمانڕەوایـەک بێـت لەلایـەن کـورد خۆیـەوە دانرابێـت نـەک ئـەو فەرمانـڕەوا و میـرەی کـە تـورک دایدەنێـت، چونکـە تـورک کەسـێک دەکەنـە میـر کـە سـەر بـە خۆیـان بێـت و بەپێـی فەرمانـی ئـەوان ڕەفتـار بـکات، ئـەو میـرە ناتوانرێـت پێـی بگوترێـت میـر با کوردیـش بێـت، بەڵکـو نۆکـەر و بەنـدەی ئەوانـە. بۆیـە دەبینیـن مـەم و زیـن سـەرەڕای داسـتانە ئەویندارییەکـەی، شۆڕشـێکی فیکـری نەتەوایەتیـی هۆشـیارانەیە بـۆ گەلـی کـورد چ لـە سـەردەمی خانـی خـۆی یـان ئـەم سـەردەمەی ئێمـەش، چونکـە هەمـان ئـەو کێشـە و ناحەقـی و نادادییانـە و لـە هەموویشـی گرنگتـر، ئـەو فەرمانڕەوایانـەی کـە فەرمانڕەوایـی کـورد دەکـەن، درێژکـراوەی هەمـان ئـەو ڕەوتـە مێژوویـەن کـە خانـی تێیـدا ژیـاوە.

لـە ڕۆمانەکـەی (جـان دۆسـت) دا لەبـارەی خانـی، نامەیەکـی ئـەو شـاعیرە خراوەتـەڕوو کـە وەکـو وەسـیەتێک لـە ڕۆژەکانـی کۆتایـی ژیانیـدا بـۆ میـری ناوچەکـەی خۆیـان (بایەزیـد)ی نووسـیوە. بەداخـەوە ناوبەنـاو نامەکـە دەرنەچـووە و نەتوانـراوە بخوێنرێتـەوە، لـەو بەشـەی کـە دەرچـووە، دەتوانرێـت هێڵـە گشـتییەکانی نامەکـە بخوێنرێتـەوە. خانـی لـە سـەرەتای نامەکـەدا بـە میـر دەڵێـت: "لـەو ڕۆژەوەی تـۆ میرایەتیـت بـە چـوار هـەزار فلۆرانـی زێـڕ لـە پاشـای وان کڕیـوە و فەرمانـی سـوڵتانییت پـێ دەرهێنـا، ئـەز درکـم بـەوە کردبـوو کـە تـۆ لایەقـی میرایەتـی تەختـی سـەرحەدان نیـت". هـۆکاری لایەقنەبوونیشـی بـۆ ئـەوە دەگەڕێنێتـەوە کـە لەبـری بەسـزاگەیاندنی ئەوانـەی بـە تەگبیـری ڕۆمییـان میرەکانـی پێـش خۆیـان کوشـت، میـر وازی لێهێنـان و تۆڵـەی نەکردنـەوە. نـەک تەنهـا ئەوەنـدە، بەڵکـو لەپێنـاو پاراسـتن و مانـەوەی میرایەتییەکـەی زێـڕ و زیوێکـی زۆری دەنـارد بـۆ پاشـاکانی تـر. هەروەهـا لـە بەشـێکی تـری نامەکـەدا بـاس لـەو سـتەم و بـاج و خـەراج و سـەرانەیە دەکات کـە بەسـەر خەڵکیـدا سـەپاندوویانە. سـەبارەت بـە دەوڵەتـی عوسـمانی و سـوڵتانەکانی، خانـی دەڵێـت: "سـوڵتان هیـچ مافێکـی بـە ئیسـلامەوە نییـە جگـە لـە ناوەکـەی". هـەروەک ئامۆژگاریـی میـر دەکات کـە واز لـە ڕۆم و عەجـەم بهێنێـت و نەکەوێتـە داویانـەوە و سـەریان بـۆ دانەنەوێنـێ هـەروەک چـۆن گاورەکان بـە گاوریـی خۆیانـەوە سـەریان بـۆ نـەوی ناکـەن.

لەبـارەی زانسـت و ئـەدەب و شـاری بایەزیدیشـەوە بـە میـر دەڵێـت: "ئەگـەر تـۆ دەسـتی یارمەتیـت بـۆ درێژبکردمایـە و بەگوێـی منـت بکردایـە، بایەزیـدم بـۆ دەکردیتـە شـارێکی نـاوداری وەکـو شـاری عـەرەب و عەجـەم و ڕۆم. مەڵبەنـدی زانسـت و ئـەدەب، جێـی قوتابخانـە و مزگەوتـان..... بـەڵام تـۆ بـازی شـیهابی خـۆت بـە شـیهاب سـوهرەوەردی و شـێخ عەبدولقـادری گەیلانـی نادەیـت".

لـە کۆتایـی نامەکەشـدا دەڵێـت: "ئـەی میـر: ئەمـە وەسـیەتی منـە کـە تـا لـە ژیانـدا بـووم گوێـت لێنەگرتـم، ئومێـدم وایـە پـاش مەرگـی مـن بـە وەسـیەتم بکەیـت".

بەخوێندنـەوەی ئـەم نامەیـە، حەسـرەت دادەگرێـت و هەسـت بـەو خەمـە قـووڵ و برینـە بەسـوێیەی خانـی دەکەیـت کـە بەدرێژایـی ژیانـی بەدەسـت خەڵـک و میـر و سـوڵتانەوە چەشـتوویەتی. هەمـوو خەمێکـی هۆشـیارکردنەوەی کـورد و ئامۆژگاریـی میـر و رزگاربـوون لەژێـر چەپۆکـی کۆیلایەتـی ڕۆم و عەجـەم و نەهێشـتنی سـتەم و نـادادی بـووە. تـا دوا سـاتەکانی ژیانـی دەنگـی لـەم ناحەقییانـە هەڵبڕیـوە، کەچـی نـە میـر و نـە خەڵکیـش نـەک گوێیـان لێنەگرتـووە، بەڵکـو هەمیشـە پلاریـان تێگرتـووە و بـە مەترسـییان زانیـوە و هەوڵـی کوشـتنیان داوە، هەریـەک لـە پادشـای وان و پادشـای تەبرێـز کاتێـک مـەم و زیـن دەخوێننـەوە، خێـرا میـری بایەزیـد ئـاگادار دەکەنـەوە کـە مـەم و زیـن و ئـەو کابرایـەی نـاوی خانییـە، مەترسـییەکی گەورەیـە و پێویسـتە چارەسـەر بکرێـت. لەلایـەن دەسـتوپێوەندەکانی میـرەوە چەندینجـار هەوڵـی ژەهرخواردکردنـی دەدرێـت، تـا لـە کۆتاییـدا سـەردەکەون و بـە ژەهرێکـی کوشـندە خانـی ژەهرخـوارد دەکـەن و بەهۆیـەوە گیـان دەسـپێرێت.

ئەمـە چارەنووسـی شـاعیر و ئەدیبێـک، گوتاربێـژ و زانایەکـی ئاینیـی شـارەزا، عـارف و ڕابەرێکـی ڕۆحـی و نەتەوەیـی بـوو کـە بانگهێشـتی خەڵکـی دەکـرد بـۆ سەربەسـتی و دەرچـوون لـە کۆیلایەتـی، وەڵامـی خەڵکیـش ژەهرخواردکردنـی بـوو. بـەڵام ئـەوەی بـۆ خانـی گرنـگ بـوو، ئـەو پەیامـە بـوو کـە گەیانـدی، ئـەو ئەرکـەی کـە لـە ئەسـتۆی بـوو بەتـەواوی بەجێـی هێنـا، ئێسـتاش ئـەوەی لەنـاو ئێمەدایـە و ئامادەیـی هەیـە خانـی و مـەم و زینـە، پەیامـە ئاینـی و ڕۆحـی و نەتەوەییەکەیەتـی کـە نـەوە لـەدوای نـەوە دەیڵێنـەوە.

* میرنامـە، ناونیشـانی ڕۆمانێکـە کـە لەلایـەن ڕۆماننووسـی دیـاری کـورد (جـان دۆسـت)ەوە بـە زمانـی کـوردی نووسـراوە و سـاڵی 2008 لـە ئیسـتەنبوڵ چاپکـراوە و بـاس لـە ژیانـی ئەحمـەدی خانـی دەکات، بـۆ چەنـد زمانێـک وەرگێـڕدراوە و سـەباح ئیسـماعیل لـە عەرەبییـەوە کردوویەتـی بـە کـوردی و ناوەنـدی غەزەلنـووس چـاپ و بـڵاوی کردووەتـەوە.

## سەربردەی شانۆنامەکانی چێخۆف

# شانۆنامەی ئیڤانۆڤ (کۆمێدیا)

ڕەسووڵ سوڵتانی





ئەم شانۆنامەیە، کە ساڵی 1887 لەلایەن فەرمانگەی سانسۆرەوە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی پێ درابوو، بۆ یەکەمجار لە کۆتایی جانیوەری 1888ـ دا، 110 دانەی لێ چاپ و بڵاوکرایەوە. ناوی سەر بەرگەکەی سانسۆر: "ئیڤانۆڤ، کۆمێدیا لە چوار پەردە و پێنج تابلۆ"ـ دایە، کە دواتر وشەی "کۆمێدیا"کەی لەلایەن سانسۆرەوە گۆڕدرا و کرایە دراما. دوو نەسکی تایپکراوی کە یەکێک بۆ فەرمانگەی سانسۆری چاپەمەنییەکان و ئەوی دیکەی بۆ فەرمانگەی سانسۆری نووسراوە دراماییەکان ئامادە کرابوو، ماوە و پارێزراوە.

کۆرلێنکۆ لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەنووسێ، بەهاری ساڵی 1887 چێخۆف لە جەنگەی یەکێک لە یەکەمین چاوپێکەوتنەکانی خۆیدا لەگەڵ وی، گوتبووی بەتەمایە بێتە ملکەکەی بۆ ئەوەی پێکەوە درامایەکی چوارپەردەیی بنووسن و دەشڵێ: "پێم گوت، پێڵاوت سەر هەردووچاوم، بەڵام خۆت بەتەنێ دراماکەت بنووسە."

لە سێپتەمبەری ساڵی 1887 دا کۆرش پێشنیاری بە چێخۆف کرد، شانۆنامەیەک بۆ هۆڵەکەی ئەو بنووسێ بۆ ئەوەی هەر لەو وەرزی شانۆیەدا نمایش بکرێ. دواتر یەکێک لە هاوڕێیانی چێخۆف ئەو پێشنیارەی کۆرشی کە لە هاوینی 1889 لە زمانی چێخۆڤەوە بیستبوو، ئاوا گێڕاوەتەوە: "ڕۆژێکیان چووبوومە شانۆی کۆرش. شانۆنامەیەکی تازە نمایش دەکرا، وشک و بێسەروبەر و بێتام. وەک بە دەردی گۆتەنێ وەک ڕەخنە، چیی بە زارمدا هات گوتم. لەو دەمەدا کۆرش بە زمانێکی تەوساوی گوتی: "ئەگەر ڕاست دەکەی، لەبری ئەو ڕەخنانە، دانیشە و خۆت شانۆنامەیەک بنووسە." وەڵامم داوە: "جا بۆ نا، دەنووسم". بەو شێوەیە بوو کە ئیڤانۆڤ خوڵقا".

یەکەم ئاماژەی چێخۆڤ بەو شانۆنامەیە، نامەیەکە کە لە سێپتەمبەری 1887ـ دا بۆ خاتوو کیسلۆڤای ئەکتەری نووسیبوو: "دوو جاران چوومە شانۆی کۆرش و هەردوو جارەکە کۆرش پێداگرانە داوای لێ کردم شانۆنامەیەک بۆ شانۆکەی ئەو بنووسم. وەڵامم داوە: بەسەرچاو، بە گیان و دڵ. ئەکتەرەکانی شانۆی کۆرش باوەڕیان وایە کە من زۆر بە باشی ئەوەم پێ دەکرێ، چونکە بە ڕای ئەوان دەزانم گەمە بە مێشکی بینەر بکەم. وەڵامم دانەوە: مێرسی. دیارە هیچ شانۆنامەیەکی بۆ نانووسم... لێبڕاوانە دەڵێم نە ئیشم بە شانۆکان هەیە و نە بە مرۆڤایەتی... ئاوەوئاو بچن". سەرەڕای ئەوەش، لە سێپتەمبەری ئەوساڵەدا، دەستی کرد بە نووسینی شانۆنامەکە. ئەو لە نیوەڕاستی ئۆکتۆبەری 1887 ـ دا لە نامەیەکدا بۆ ئالێکساندەر پاڤلۆڤیچی برای نووسی: "ئەم شانۆنامەیەم هەر بە ڕێکەوت و پاش مشتومڕێک لەگەڵ کۆرش نووسی. شەوێ ڕاکشام، بابەتەکەم لە زەینمدا هێنا و برد و پەرەم پێ دا و دواتریش نووسیم. لەسەر یەک دوو حەفتە و وردتر بڵێم، دە ڕۆژی پێوە بووم...".

چێخۆف چەند مانگێک دواتر بە لەبزێکی گاڵتەجاڕانەوە لە نامەیەکدا بۆ پلشچییەڤ ناوی ئەم شانۆنامەیە دەنێ: "لەبارچوونێکی دراماتیکیی پێشبینینەکراو". ئەگەرچی وەک نووسەر دەڵێ لە ماوەیەکی کورتدا ئەو شانۆنامەیە نووسرابوو، بەڵام وەک گرۆزینسکی لە بیرەوەرییەکانیدا قوڵی لەسەر دەکێشێ: "کاتێک کە چێخۆف خەریکی نووسینی ئیڤانۆڤ بوو، کاغەزێکی بە دەرگای ژوورەکەیەوە دابوو، لێی نووسیبوو: "سەرودڵم مەگرن، بە خەستی خەریکی کارم".

لە 5ی ئۆکتۆبەری 1887ـدا نووسینی ئیڤانۆڤ تەواو بوو، چێخۆف هەر ئەو ڕۆژە بە یەژۆڤی ڕاگەیاند: "شانۆنامەکەی من ئامادەیە، ئەگەر ڕای خۆتت نەگۆڕیوە و هێشتا بەتەمای یارمەتیم بدەی، سبەی وەرە..." ئەو داوای لە یەژۆڤ کردبوو بچێتە سەردانی و بە دەنگی بەرز شانۆنامەکەی بۆ بخوێنێتەوە، هەر بۆیە دواتر بە سوعبەتەوە بە یەژۆڤی دەگوت "برا زاوەکەی" ئەم شانۆنامەیە.

ڕێک لە سبەینێی ئەو شەوەوە کە ئیڤانۆڤ لە تیاترخانەکەی کۆرش نمایش کرا، چێخۆف بیری لە گۆڕین و چاککردنی کردەوە، بەڵام ئەو کات نە تاقەتی هەبوو نە حەزیشی لێ بوو، وەک لە دیسەمبەری ئەوێ ساڵێدا نامەیەکی بۆ یەکێک لە هاوڕێکانی نووسی و گوتی: "پاش سەیرکردنی شانۆنامەکەم لە مۆسکۆ وەها لێی بێزار بوومە کە بەهیچ شێوەیەک توانای ئەوە لە خۆمدا بەدی ناکەم بیریشی لێ بکەمەوە..." ئەو تەنیا ساڵێک دواتر بوو کە بڕیاری دا گەلاڵەکەی خۆی بۆ گۆڕین و چاککردنی ئیڤانۆڤ جێبەجێ بکا.

یەکەم دەنگدانەوەی ئیڤانۆڤ لە چاپەمەنییەکاندا، لاپەڕەکانی گۆڤاری "چاخی نوێ"ی ڕێکەوتی 9ی ئۆکتۆبەری 1887 بوو: "وەک دەڵێن، ێ.پ، چێخۆف شانۆنامەیەکی کۆمێدیی بە ناوی ئیڤانۆڤ نووسیوە کە بابەتەکە تەواو نوێیە، وێدەچێ ئیڤانۆڤ یەکەمجار لە تیاترۆخانەیەکی مۆسکۆ نمایش بکرێ". ئەو "هەواڵە بازرگانییە" لەگەڵ دەقێکی نزیک لە شانۆنامەکە لەسەر داوای چێخۆف لەلایەن ئالێکساندر پاڤلۆڤیچەوە درابووە دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە بۆ ئەوەی چاپ بکرێ."

چێخۆف لەبارەی ئەو شانۆنامەیەوە زۆر ڕاشکاوانە قسەی دەکرد و لە نامەکانی خۆیدا بە گوێرەی پێویست باسی هەموو شتێکی دەکرد، هەر لە تێگەیشتن و بۆچوونەکانی خۆیەوە تا ڕەوتی بەرەوپێشچوونی کار و وردەکارییەکانی گۆڕانکاری و چاککردن و دەستکاری و تێگەیشتنی خۆی لە کەسایەتیەکانی شانۆنامەکە.

ئیتر ئیڤانۆڤ لەپێشدا لە مۆسکۆ و دواتر لە پترزبۆرگ بە ساردوسڕی پێشوازیی لێ کرا و شارەزایان دایانە بەر ڕەخنە. لە نامەکانی ئەوکاتی چێخۆڤەوە بەپێی ئەو ڕستانە: "هەست دەکەم لە درێژایی نۆڤەمبەردا، تووشی نەخۆشیی دەروونی بوومە..." یان "پاش دیتنی شانۆنامەکە، وەها شەکەت و ماندووم، کە هەر ناتوانم جوانیش بیر بکەمەوە..." ڕوون دیارە چەندە دڵەڕاوکێی هەبووە و نیگەران بووە. ئانتۆن پاڤلۆڤیچ زۆر دواتر لە یادی شەوی نمایشکردنی ئەو شانۆنامەیەدا لە مۆسکۆ نووسیی: "ئەقڵ نەیدەبڕی. سەیرکەر لە جێی خۆیان قوت دەبوونەوە، هێندێکیان چەپڵەیان لێدەدا و هەستی خۆیانیان دەردەبڕی و هێندێکی دیکە فیتوویان لێدەدا و دەیانقریواند و هێندێکیش پێیان لە عەرزی دەکوتا. سەیرکەر هەموو کورسییەکانی پارتێریان بارەوبارە کردبوو، وەها بەسەریەکیاندا دابوون کە خولەکێک دواتر نەیاندەتوانی کورسیی خۆیان بدۆزنەوە، سەیرکەری شوێنە تایبەتییەکان شڵەژابوون و نەیاندەزانی بمێننەوە یان بڕۆن..."

ئینجا، ئەگەر چاو لە هێندێ دەسکاری و گۆڕانکاری بکەین کە بۆ سەر سەکۆ کرابوون، چێخۆف تەنیا لە ساڵی 1889ـ دا بوو کە چووەوە سەر ئەو شانۆنامەیە و بە گشتی ئیڤانۆڤێکی دیکەی نووسی.

# بارزانی لە ئینسایکلۆپیدیای بەریتانی دەربهێنن

جەواد هاشم

وەرگێڕانی: بارام سوبحی

لە (15ی دیسەمبەری 1968)دا گەیشتینە لەندەن، حکومەتی بەریتانیا لە هۆتێلی ساڤۆی میوانداری کردین. ئێوارەی ڕۆژی گەیشتنمان، باڵیۆزی عێراق لە لەندەن کازم خەڵەف هەواڵی پێدام کە سەردانەکەمان لەسەر داوای حکومەتی بەریتانی بووە و حەزدەکەن چاویان بە بەرپرسە نوێیەکانی عێراق بکەوێت. بەرنامەی سەردانەکەمان کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا مایکڵ ستیوارت (لە پارتی کرێکاران) و دیدارێکی دیکە بوو لەگەڵ نوێنەرانی کۆمپانیای نەوتی عێراق (بەریتانی).

سەعات دەی بەیانیی ڕۆژی دواتر، من و خالید مەکیی هاشمی وەزیری پیشەسازی و شەفیق دەڕڕاجی ڕازگری گشتی نهێنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە یاوەریی بەڕێز کازم خەڵەف، چووین بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا. وەزیر لە نووسینگەکەی خۆی پێشوازی لێکردین و بەخێری هێناین. وادیار بوو کە زانیارییەکی بێ ئەندازەی لەبارەی ئەندامەکانی وەفدەکە و ڕابردوو و ئێستایان هەبوو، پێدەچێت زانیاری لەبارەی داهاتووشیان هەبووبێت، وەلێ هیچ ئاماژەیەکی پێ نەدا. دەربڕینەکانی لەسەر ڕابردوو و ئێستا کورت کردەوە.

وەزیری دەرەوەی بەریتانیا باسی پەیوەندییەکانی عێراق و بەریتانیای کرد، هەروەها ئارەزووی حکومەتی خاوەنشکۆی پیشاندا بۆ پتەوکردنی ئەو پەیوەندییانە و چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی ڕوویانداوە. بەدیوێکی پەنهانیشدا ئاماژەی بە پێویستیی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانە کرد کە دوای هاتنی عەبدولکەریم قاسم دروستبوون. بەقووڵی و بە زانیارییەکی تەواوەوە ڕۆچووە ناو قانوونی ژمارە هەشتا کە لە ڕۆژگاری قاسمدا دەرچووبوو. بەگوێرەی ئەو قانوونە، حکومەتی عێراق زۆربەی ئەو زەوییانەی کۆنترۆڵ کردبوو کە لەژێر دەستی کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکاندا بوون و لە عێراق کاریان دەکرد.

بەرلەوەی کۆبونەوەکەمان کۆتایی بێت، وەزیرە بەریتانیەکە ئاوڕی دایەوە و پرسیی ئایا هیچ سەرنج یان تێبینییەکتان هەیە تاوەکو بیگەیەنم بە سەرۆک وەزیران؟. من وەکو سەرۆکی وەفدەکە وەڵامم دایەوە کە تێبینییەکی دیاریکراوم نییە، بەڵێنم پێدا کە هەموو تێبینی و ئارەزووەکانی حکومەتەکەی بە سەرۆک کۆماری عێراق بگەیەنم، جەختم لەوە کردەوە کە عێراق لەلای خۆیەوە دەیەوێت لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات هەڵداتەوە.

لێرەدا خالید مەکیی هاشمی دەنگی هەڵبڕی تاوەکو بە وەزیرە بەریتانییەکە بڵێ ناڕەزاییەکی هەیە و دەیەوێت تۆمار بکرێت، ئەویش پەیوەستە بە ئینسایکلۆپیدیای بەریتانییەوە دەربارەی ئەو شتانەی لەسەر کوردەکانی عێراق و سەرکردەی بزاڤی کوردی مەلا مستەفا بارزانی و خواستی کورد بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ خۆیان کە درێژکراوەی کۆماری مهابادە، تۆمار کراون، چونکە ئەوان (کورد) ڕێژەیەکی بەرچاو لە دانیشتووانی عێراق پێکدەهێنن. هاشمی لە قسەکانی بەردەوام بوو، گوتی ئەوەی لە ئینسایکلۆپیدیاکەدا هاتووە و دەڵێت بارزانی سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕە، ئەوە لایەنگرییە بۆ بزووتنەوەی کوردی و هەڵوێستێکە لە دژی عێراق!

وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بەوپەڕی ساردییەوە وەڵامی دایەوە و ڕوونیکردەوە: "ئینسایکلۆپیدیای بەریتانی، مەوسوعەیەکی زانستی و زانیارییە... حکومەتی بەریتانی هیچ دەسەڵاتێکی نییە بۆ سڕینەوە یان زیادکردنی زانیاری لەسەر ئەو شتانەی بڵاوی دەکەنەوە.. بەریتانیا وڵاتێکی دیموکراسییە.. پابەندبوونمان بە بنەماکانی دیموکراسی هەرگیز ڕێگەمان پێنادات خواستی حکومەت بەسەر دامەزراوە و خانەکانی چاپکردندا بسەپێنین".

هاشمی قەناعەتی بە قسەکانی مایکڵ ستیوارت نەهات. بۆیە قسەکانی پێبڕی و گوتی: "ئایا حکومەتی بەریتانی یان وەزیری ڕاگەیاندنی بەریتانیا ناتوانن ئەوەی لە ئینسایکلۆپیدیای بەریتانیدا لەبارەی بزوتنەوەی کوردییەوە هاتووە ڕاست بکەنەوە؟".

وەزیر وەڵامی دایەوە: "نەخێر،.. ناتوانین دەست وەربدەینە کاروباری دامەزراوەیەکی دێرینی وەکو ئەو دامەزراوەیەی کە ئەرکی ئامادەکردنی ئینسایکلۆپیدیای لەئەستۆ گرتووە، یاخود هەر دامەزراوەیەکی دیکەش. پاشان لە بەریتانیا وەزارەتی ڕاگەیاندن نییە وەکو لە وڵاتانی دیکەی نموونەی وڵاتەکەی ئێوە هەیە. ڕاگەیاندن لە بەریتانیا چاودێرە بەسەر حکومەتەوە و ئامرازەکانی وەکو ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە زمانحاڵی کۆمەڵگان نەوەکو حکومەت".

هاشمی بە زمانی عەرەبی گوتی: ئەمە بابەتێکی سەیرە! لێرەدا باڵیۆز کازم خەڵەف بە لێهاتوویی دیبلۆماسی خۆی هاتە ناو باسەکەوە و ڕزگاری کردین لەو چاڵەی کە خەریک بوو خالید هاشمی بمانخاتە ناوی.

دیدارەکە کۆتایی هات. نووسینگەی وەزیرمان بەجێهێشت و بەرەو ئۆتۆمبێلەکانمان ڕۆیشتین، هاشمی هەر دەیپرسی و دووپاتی دەکردەوە لە کازم خەڵەف ئاخۆ ڕاستە حکومەتی بەریتانیا- بەو هەموو توانا و گەورەیی و هێزە کۆڵۆنیالییەی خۆیەوە- لەسەر ئارەزووی شۆڕش و حیزبی ڕابەر، ناتوانێت ئەو بابەتە بگۆڕێت کە لە ئینسایکلۆپیدیادا هاتووە!

بۆ مێژوو دەڵێم، خالید مەکیی هاشمی – ئەفسەری ڕوکن- بوو، کەسێکی دڵساف بوو کە هەندێکجار دەگەیشتە ئاستی ساویلکەیی. دلۆڤانییەک بە کەم ئارامی و میزاجی تەڕدەستانە بەندبێ، ئەوا لە لایەنی بەرانبەرەوە پێویستی بە پشوودرێژی و دیبلۆماسیەتی زۆر هەیە.




**سەرچاوە:**

**جەواد هاشم (مذكرات وزير عراقي: ذكريات في السياسة العراقية 1967 – 2000)، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای مەدا، چاپی دووەم، (2017)، لاپەڕەکانی (136 تا 139).**